دەستەی باجی عێراق: لە ماوەی نە مانگدا بەژەی 150% داهاتمان زیادی کردوە



دەستەی گشتی باجی عێراق ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، لەماوەی نە مانگی ئەمسالدا داهاتی دەستەکەیان گەیشتۆتە پێنج ترلیۆن و 500 ملیار دینار بەوەش ڕژەی زیادبونی باج لەمسالدا بۆ 150% بەرزبۆتەوە.

عەلی وەعد عەلاوی سەرۆکی دەستەی گشتی باجی عێراق ڕایگەیاند، "لەماوەی ڕابردودا خزمەتگوزارییەکانی باج هەبووە، بەڵام لەئێستادا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردوە".

وتیشی، "دەستەکەیان دەسەڵاتەکە دەستکەوتی بەدەستهێناوە، لەماوەی نە مانگدا گەشەی داهاتەکان نزیکەی 150% بووە".

جەختیشیکردەوە، "داهاتەکانی دەستەی گشتی باج لەساڵی ڕابردودا دو ترلیۆن و 700 ملیار بو، بەڵام لەماوەی نە مانگی ڕابردودا زیادیکرد، بۆ پاڵپشتییەکی زۆری سەرجەم وەزیران و وەزیری دارایی، نزیکەی پێنج ترلیۆن و 500 ملیار دینار داهاتمان بەدەستهێناوە".

ئەوەشیخستەوو، "ئەو ڕۆژەیە زۆرەی داهاتی بەدەستهاتوە بەگە و ئاماژەیە بۆ نەبونی خۆدزینەوە لە باج و سەرکەوتویی هەنگاوەکان لەو روەوە".